www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-7-2006 0:23

## نەوەی نوێ خەون و بەرپرسیارێتی ... عەلی کەریم

بە سەرنجدانێکی سادە لە ڕەوشی لاوان و نەوەی نوێ لە کوردستان، ڕاستەوخۆ دەگەیتە ئەو دەرەنجامەی کە نەوەیەکە تورە، نەوەیەکە بێ باك و بێ خەون، ئەمەش کارەساتێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە لەسەر ئاستێکی دوورمەودا.
ئەم نەوەیە تورەیە لە ڕووە بەد و ناشیرینەکانی دەسەڵاتی سیاسی، هەر بۆیە هەرکاتێك گۆشەیەکی بۆ فەراهەم بێت تا لێیەوە (وەك خۆی) و بێ دەمامکانە جوڵە بکات و لەسەر پرس و ئیشکالیەتەکان قسەیەکی هەبێت، ئەوا ئەو تورەییە ناشارێتەوە، بەمەش هەندێ جار سنورە سپیەکان ڕەت دەکات.
ئەم نەوەیە بێباکە بەرامبەر بە کۆمەڵگا، نەوەیەکە بووەتە تەماشاچییەکی بێدەنگ بەرامبەر بە هەموو ئەوەی لە کۆمەڵگادا دەگوزەرێ، خۆ ئەگەر هەندێ جاریش ڕەخنە دەکات، ئەوا وەك غەریزەیەکی کاتییە و هەرگیز ناتوانێت ڕەخنەکانی بۆ سەر ئاستێکی دوورمەودا بگوازێتەوە و بەردەوامێتیی پێ بدات. هەربۆ نموونە لە ڕانیە و کەلار و هەولێر و هەڵەبجە و جوارقورنە و ئاگرێ لەسەر گەندەڵی دێتە سەر جادە، بەڵام یەك ڕۆژ و تەواو! لەسەر فایلدارەکانی ناو حیزبەکان شت دەنووسێ و داوایەکی هەیە، بەڵام بە بێدەنگبوونی دەسەڵات ئەویش قسەیەکی نامێنێت!
لە کوردستان کۆمەڵێ کوفری گەورەی دیموکراسی کران، کەچی نەوەی نوێ تەنها بۆڵەبۆڵی هەیە و هەرگیز نەیتوانیوە وەك هێزێکی گۆڕانخواز خۆی بسەپێنێ. هەر لە شەرمنۆکەیی بوونی خزمەتگوزارییەکانەوە تا بە ئاسایی وەرگرتنی گەندەڵییەکی سەراپاگیر بە هەموو جۆرەکانیەوە و تا پەیدابوونی دنیایەك ملیۆنێری ناشەرعی حیزب و تا کیۆماڵکردنی ئۆپۆزسیۆن بە ناوی حکومەتی بنکەفراوان و یەکگرتووەوە تا کەم بەشداریی ئافرەت و تا پێکهاتە و شێوازی پێکهێنان و دەنگ لەسەردانی حکومەت... بەڵکو تا بە پەراوێز هێشتنەوەی پەرلەمان و... لە کۆتاییشدا قۆڵبەستکردنی ڕۆژنامەنووسان و حوکمدان بەسەریاندا بە یاساکانی بەعسی مەرگپەرست!
ئەم نەوەیە نەوەیەکە خەونی نییە، بۆیە بەم پێکهاتەی ئێستاوە لە سەرگەردانییەکی گەورەدا دەژی! بۆیە هەواڵەکانی دیاردەی خۆکوشتن و تلیاکچێتی و ڕاکردنەوە بەرەو هەندەران و... لە ناو ئەم نەوەیەدا بە بەردەوامی زیاد دەکات!! نەوەیەکە لە هەموو شتێ تورەیە و لە هەموو شتێکیش نائومێد، نەوەیەکە زۆر بە دەگمەن دەتوانێت وێنەی خۆی لە ئایندەدا بکێشێ! بە کۆبەندی نەوەیەکە بێ پەیام.. لێرەشەوە نەوەیەکی بێ خەون و بێ پەیام وەك دەرەنجامێکی سروشتی و ڕاستەوخۆ لە ئایندەدا کۆمەڵگایەکی بێ خەون و بێ پەیامت بۆ بەرهەم دێنێ، کە ئەمەش جەوهەری مەرگەساتەکەیە.
لەمەشدا هەموومان تاوانبارین، وەك چۆن دەسەڵات تاوانبارە و نەیتوانیوە وەك گرنگترین جەمسەری کۆمەڵگا لەگەڵ نەوەی نوێدا ئاشت بێتەوە، بەڵکو لاوێکی بەرپرس و خەوندارت بۆ دروست بکات، ئەوا هەریەك لە سیستەمی پەروەردە و پێگەیاندن و گوتاری ڕاگەیاندن و... تا دەگاتە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ـ بەتایبەت ئەوانەی گرنگیی پلە یەکیان لاوانە ـ و تا تاك بە تاکی ئەم کوردستانە بەشێکی تاوانەکەیان بەردەکەوێت.
ئەمە لە پاڵ کۆمەڵێ فاکتەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خودی و بابەتیی دیکە.
بەڵام تێکڕای ئەم فاکتەرانە لە خاڵێکدا چڕ دەبنەوە، کە بێڕێزکردنی ماف و ئازادییەکانی نەوەی نوێ یاخود بێدەنگبوونە لە ئاست بێڕێزکردنیان لە ژێر هەر ناونیشانێکدا.
من بە بەرپرسیارێتیی هەریەکەمانی دەزانم، بەتایبەت دەسەڵات کە هەموومان هەوڵمان بۆ ئەوە بێت، ئەگەر نەشتوانین لە ئێستادا نیشتمان بۆ نەوەی نوێ دروست بکەین (نیشتمان بە مانای ئەو شوێنەی

کە لانی کەمی مەرجەکانی ژیانێکی کەرامەتدارانە و رێزگرتنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی لێیە) کە دەشتوانین، ئەوا کار لەسەر بیناکردنەوەی خەونی ئەو نەوەیە بکەین.
کار لەسەر ئەوە بکەین کە نەوەی نوێ بەشداریی سیاسی بکات، بەڵکو ئامانجی دروستکردنی نیشتمان لە شوێنکاتی ئەمڕۆی ئێمەدا بخاتە ئەستۆی خۆی.
بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتە کە لەگەڵ نەوەی نوێدا ئاشت بێتەوە، دایەلۆگێکی کراوە و بێ پەردە و راستەوخۆیان لەگەڵدا دەست پێبکات، ئەگینا نەوەیەکی بێ خەون... نەوەیەکی نابەرپرس و بەرهەمهێنی ئایندەیەکی پڕ لە بەدبینییە. نەوەیەکی بێ ئینتیما بۆ هەموو شتێك و تووڕە و بێ هیوا لە هەموو شتێك، نەوەیەکە کۆمەڵگاش لەگەڵ خۆیدا تووشی سەرگەردانی و پاشاگەردانییەکی مەترسیدار دەکات، نەوەیەکە ئەگەر دانەچڵەکێ، ئاینده بەرەو هەڵدێر دەبات.